# زێدان لەگەڵ پارێزگاری کەربەلای پیرۆز تاوتووێ پرسە یاساییەکانیان کرد



دادوەر فائیق زێدان سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەر ئەمڕۆ لەگەڵ نەسیف خەتابی پارێزگای کەربەلای پیرۆز تاوتووێی میکانیزمەی هاوبەشەکان و پرسە یاسایەکانی کرد.

نووسینگەی راگەیاندنی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردۆوە" ئەمڕۆ دادوەرفائیق زێدان سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەر پێشوازی لەنەسیف خەتابی پارێزگای کەربەلای پیرۆز کرد.

هەروەها وتی" سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری پیرۆزبایی وەرگرتنی پۆستی نوێ لێکرد و میکانیزمەی هاوبەشەکانی نێوان دادوەری و ئیدارەی پارێزگا سەبارەت بەپرسە یاساییەکان تاتووێ کران.